# بەرنامەی زانستی سرووشتی

ئایا حەزدەکەیت بەردەوام بیت لەخوێندن پاش قۆناغی دوواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت بەرینترین بناغە کە ئەکریت گەشەی پێبدریت لە ئاییندەدا دەستکەویت؟
ئایا حەزدەکەیت هەلی کار یان بخوێنی لەدەرەوەی وولات؟
ئایا حەزدەکەیت هەستی بەکاری شیکاری و تاقیکردنەوەو کاری تاقیگە؟
ئایا حەزدەکەیت زیاتر بزانیت لەو مەسەلانەی ئیستا لە گفتوگۆکانی ناو کۆمەلگا؟
کەواتە لەوانەیە بەرنامەی زانستەکانی سروشتی گوونجاوبیت بۆ تۆ.

لە روانگەی زانستی یەوە هەلیکت دەست دەکەویت لەبارەی شیکردنەوەو هەلسەنگاندن و هەلویست وەرگرتن لە و مەسەلانەی کە پەیوەندی بە کۆمەلگا و تاکەکەس هەیە، وەک و مەسەلەکانی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی بەردەوام یان تەندروستی. و هەروەها هەلت بۆ دەرەخسی لەماوەی خوێندن بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی مەسەلەی رەوشتەوە، بۆ نموونە هەنگاوانی تاقی کردنەوەی تاقیگە لەسەر ئاژەلان و مەرجەکانی بژیوی مرۆڤ. کاری تاقیکاری بەشیکی گەورەی فێربوونەکەیە، لەوانەیە پەیوەندی هەبی بە کردنی تاقیکردنەوە، تاقیکردنەوەی زانستی و خوێندنە مەیدانییەکان. هەندێ جار قوتابی یەکان شێوازی کاری تایبەت بەخۆیان هەلدەبژێرن و هەندێ جاریش پێویست یان بە زانیاری تیروتەسەلەل زیاتر هەیە.

بەرنامەی زانستەکانی سرووشتی خوێندنیکی بەرین پێشکەش دەکات لەپال مەوادی زانستەکانی سروشتی و بیرکاری و مەوادی خوێندن کە تایبەتە بە زانستی کۆمەلایەتی و مرقایەتی دەگریتە خۆ. و هەروەها پەرەپێدانی شارەزایی زمانەوانی بەشێکی گرنگە لە فێربوونەکە.

## کارکردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

بەرنامەی زانستەکانی سروشتی ئامادەت دەکات بۆ خوێندنیک لەئاستێکی بەرزتر. پاش قوتابخانەی دواناوەندی لێهاتوو دەبیت بۆ زۆربەی خوێندنەکان لەسەر ئاستی زانکۆکان و پەیمانگا بالاکان. دەتوانی بەردەوامی لەخوێندن هەلبژێری لە بوارەکانی وەک و زانستەکان، بیرکاری، پزیشکی، و تەکنۆلۆجیا.

## ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

پشت بەستن بەهەلبژاردنی ئەو فێربوونەی لەپاش قۆناغی دواناوەندی، دەتوانی لەئاییندەدا بەدووای کاردا بگەرێی لەگەلی لە چەندین بواری جیاوازدا.

## ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی زانستەکانی سرووشتی پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندی لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە لەسەر هەموو قوتابی یەکانی قووتابخانەی دواناوەندی. لەکاتیکدا خولەکاتی تر تایبەتە بە بەرنامەی زانستەکانی سروشتی. و هەندی خولی تریش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامەکە سێ بواری تایبەتی نیشتمانی هەیە. و ئەمە ئەوە دەگەینێت کە هەموو ئەوانەی بەرنامەی زانستەکانی سرووشتی دەخوێنن لە وولات دا دەتاونن لەنێو ئەم بوارەدا هەلبژاردن بکەن. لەهەندێ قوتابخانەی دواناوەندی لەوانەیە چەندین بواری تایبەتی تر هەبن و لەوانەیە کە گوونجاو بن بۆت. پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن بکە یان هەلبژاردەکانی پیشەیی!

بواره تایبەتی یە نیشتمانی یەکان ئەمانەن:

- بیرکاری و زانستی کۆمپیوتەر – بۆتۆیە کە دەیەوێت زیاتر بخوێنیت لە بیرکاری، زانستەکانی کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیای زانیاری
- زانستی ژینگە – بۆتۆیە کە بایەخی تایبەتی هەیە لە ژینگە و سەرچاوەکانی سرووشتی و کە دەتەوێت پەرەسەندنی کۆمەلگا بخوێنیت لە روانگەی ژینگە،کۆمەلایەتی و ئابووری
- زانستەکانی سرووشتی – بۆ تۆیە کە دەتەویت خۆت تیوەگلینی لە بوارەکانی فێربوونی زانستەکانی سروشتی و خوێندنی زیاتر لە فیزیا و کیمیا و زانستی زیندەوەرزانی.

**پەیوەندی بە ژیانی پراکتیکی**
مەشق کردن لە شوێنی کار نی یە لە بەرنامەی زانستەکانی سروشتی، و بەلام سەرەرا دتوانی بچیتە میوانی جاریک یان زیاتر بۆ شوێنی کار لە رێگای خوێندنی دواناوەندیت. و ئەمەش بەندە لەسەر ئەو بوارە تایبەتانەو خولانەی کە دەیخوێنیت.

**ئاییندەو هەلی کار**
زۆر لە خوێندنەکانی زانستەکانی سرووشتی لە زانکۆکان و پەیمانگا بالاکان هەلیکی باشت دەداتی بۆ دەستکەوتنی کار لە ئاییندەدا. بازاری کار لە ئیستادا باشە بۆ نموونە بۆ ئەو پیشانەی تایبەتن بە تەکنیک، و لەبواری تەکنۆلۆجیای زانیاری، و پزیشکی و پزیشکی ددان. پرسیار بکە لە سەرپەرشتی خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی سەبارەت بە هەلی کار لە بواری ئەو پیشەیەی کە سەرنجت رادەکێشی!